Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێری زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێری زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## ئەگەر منداڵەکەی ئێوە نەخۆش کەوێت

**بابەتە فریاکەوتنیەکان**

ئەگەر منداڵەکەی ئێوە تووشیار نەخۆشی توند بێت یان تووشی برینی توند بوو کە پێویستی بە دەرمان کردنی دەستبەجێ لە نەخۆشخانە هەبوو، بە یەکەی فریاگوزاری منداڵانەوە بە ژمارە تەلەفۆنی 00 83 58 0470 یان یەکەی تەلەفۆنی ناوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی 00 80 58 پەیوەندی بکەن. ئەگەر ئامبولانس پێویست بوو بۆ ١١٢ تەلەفۆن بکەن.

**چۆنیەتی چۆن بۆ ئەوێ**

یەکەی فریاگوزاری منداڵان لە نهۆمی شەشەمی بینای T دا هەڵکەوتووە.
ساکارترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە یەکەی فریاگوزاری منداڵان لە ڕێگای Värendsgatan ەوە دەبێت. بەرەو لای نەخۆشخانەی ناوەندی بڕۆن و لە پارکینگی ئوتومبیلەکانەوە تێپەڕن و ڕێگای لای ڕاست بگەرنە بەر ئەو شوێنەی کە تابلوی "Barnakut" دەبینرێت. لەوێوە بچن بۆ نهۆمی شەشەم.
یەکەی فریاگوزاری منداڵان هەموو کاتێ لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆنەکانی ناوەندی تەلەفۆن:
0470-58 83 00، 00 80 58 لە بەر دەست دایە.
ئەگەر ئامبولانستان پێویستە بۆ ١١٢ تەلەفۆن بکەن.

**کلینیکی منداڵان و تازەلاوانی Växjö**

چاوپێکەوتنی ڕزێرڤ کراو، ڕزێرڤی چاوپێکەوتن و خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی
تەلەفۆن: 0470-58 84 50

**یەکەی پزیشکی منداڵان و تازەلاوان، Ljungby**

تەلەفۆن: 0372-58 53 60
تەلەفۆنی فریاکەوتنی (دوای کاتی کارکردن) 0372-58 50 00

**خزمەتگوزاری ڕاوێژکاریی**

بۆ کێشەکانی پێوەندیدار بە منداڵانی ورد، خواردنی منداڵان و کێشەکانی تری پێوەندیدار بە منداڵانی ورد بە ناوەندی چاودێری تەندروستی منداڵانی خۆتانەوە پەیوەندی بکەن.
بۆ وەرگرتنی هەندێ سفارشت لەسەر چاودێری لە منداڵانی نەخۆش پەیوەندی بکەن بە ناوەندی چاودێری تەندروستی سەرەتایی. هەروەها دەتوانن بە ژمارەی ١١٧٧ پەیوەندی بکەن بە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاریی پزیشکی کە لە هەموو کاتژمێرەکاندا لە بەردەست دایە.